# نامەیەکی کراوە بۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان  نێچرڤان بەرزانی

**بەریز سەرۆکی حکومەتی یەکگرتووی کوردستان .. دوای سلاو..**

من لەرێکخراوی ژنانی پەنابەری کوردستانەوە لەبریتانیا، ئاگاداری ئەوە بوومەوە کەتاوانبار(ساڵح ئەحمەد شەریف) ناسراو بە(سالە مزەلی)، پەیڕەی صولحێکی عەشایری وبەنیوبژیوانی وەزارەتی داد، بەبەرچاوی دەسەلاتی ئێوەوە، لەسزای تاوانەکانی دەربازدەبیت. ساڵح ئەحمەد شەریف کەلە سالی 1999دا ژنیك بە ناوی مهابات عبدلله تەمەن 30 سال، کارمەند لە فەرمانگای ئاوکارەبایی سلیمانی، دەفرینی وبیسەرو شوێنی دەکات و دوای 3رۆژ لاشەکەی بەکوژراوی لە یەکی لەجادەکانی سلەیمانی دەدۆزریتەوە. بەلام ئەوکات دادگایی یەکیتی نیشتمانی کوردستان، سەرباری دەنگی نارەزایەتی رێکخراوەکانی ژنان و خەلکی ئازادیخوازو هەموو ئەوبەلگانەی بەدەست هاتبوون کەبەرۆشنی ساڵح ئەحمەد شەریفی وەك تاوانبار دەسملاند، بەبێ سزاو ولەبەر بەرژەوەندی حیزبی ئازادکرا وهەرئەمەش بووە هاندانی ئەوەی کەدوای سێ‌سال تاوانێکی گەورەتر بخولقێنی. تاوانێك کەفراندنی دوو خوشکی تری مهابات بەناوی (جوانەو ناسك)ی بەدوای خۆیدا هێنا و ئەنجامەکەشی دوزینەوەی لاشەی ساردەوەبوی جوانەی لەیەکی لەجادەکانی سلەیمانی  لێکەوتەوە. بەلام کارەساتەکە هەربەمەندەوە نەوەستا، بەتاییەتی کە کەسوکاری ساڵح ئەحمەد شەریف کەوتنە هەرەشەی فراندن وکوشتنی بەردەوامی  هەموو ئەندامانی خیزانی مهابات و ئەمەش وای کرد کەزوربەیان وولات بەجێ‌بهێلن و دەربەدەری وولاتان بن.

بەدوای هەموو ئەم تاوانانە و بەرزبوونەوەی دەنگی نارەزایەتی خەلکی ئازادی خوازی کوردستان وچەندین کەسایەتی و رێکخراوەکانی ژنان وفشاری هێنانیان بۆ بەبەسزاگەیاندنی ئەم تاوانبارە ژنکوژە،  سەرئەنجام دادگا حوکمی زیندانی هەتاهەتایی بۆدەرکرد. بەلام وائێستا بەسەرپەرشتی وەزیری داد کەپلەوپایەیەکی دیاریکراوی هەیە لە حکومەتە یەکگرتووەکەی ئێوەدا، "رێکەوتنی عەشایەری" لەنێوان کەسوکاری ئەم ئینسان کوژەو خێزانی مهابات وجوانەدا، کراوەتە رێگایەك بۆدەربازکردنی تاوانبار لەبەرامبەر برێك پارەدا. لە کاتێکدا ئەم کێشەیە بەتەنها کێشەی خێزانی مهابات نیيە، بەلکو ئەمە کێشەیەکی کۆمەلایەتی وکێشەی هەموو ژنان وخەلکی کوردستانە وگەر رێگای پێبدری، نەك هەرهیچ مانایەك بۆ دەسەلات و مەدەنیەت وحوکم و دادگا ویاساتان ناهیلیتەوە، بەلکو دەبێتە هۆکارێکی راستەوخۆ بۆ ئاوەلابوونی  دەستی تاوان کاری لەدژی ژنان و هانی چەقۆ وەشین وفتوا دەران و دەمارگیری پیاوسالاری دەدات ، تا تاوان و تیوندوتیژی لەم جۆرەی کەلەگەل مهابات و هەزاران ژنی تردا کراوە، لەسەر ژیانی ژنانی کوردستان و هەموو خەلك بەبەردەوامی رابگرێ.

## بەرێزسەرۆکی حکومەتی یەکگرتوو..

لەکاتێکدا کەباسی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەتان هێناوەتە گۆری و بەبەردەوامی تەئکیدیش لە سەروەری یاسا و پێوەرە دیمکراتیەکان دەکەنەوە،  دەلێن کەحکومەتی یەکگرتوو حکومەتی موئەسسات ویاسا دەبی و لەسایەیدا مافی تاك و دادوەری بۆهەمووان وەك یەکە و رێگای پاراستنی ژیانی خەلك دەبێ. بەلام ئەمەی ئێستا روودەدات لەژێرسایەی دەسەلاتەکەی ئێوەدایەو بەتەواوی وێنایەکی پێچەوانە بەهەموو  ئەو پێوەرانە نیشان دەدات کە رۆژانە لە دەزگاکانی راگەیاندنەوە دەیبیسین وپروپاگەندەی بۆدەکرێت. بێگومان ئەم جۆرە رێکەوتنانە کەبەبەشداری کاربەدەستانی پایەبەرزی حکومەت دەستی بۆبراوە جگەلە ئیدانەکردن ورێگە پێگرتن شتێکی تر لەبەرامبەریدا ناخوازی. کارێکی ئاوا لەهەر ولاتێکدا کەدەسەلاتی مەدەنی و یاسایی تێدا بەرقەرارە نەك محکومە بەلکو ئەوانەشی کەتێدا بەشداری دەکەن لەگەل سزا و لەسەرکار لابردن بەرەو روودەبنەوە. چونکە ئەمە فەساد و گەندەلی‌یەکی هەمەلایەنە دەسەلینی و راستەوخۆ هەموو  پێوەرە ئینسانی و مەدەنیەکانمان لەبەریەك هەلئەوەشینی و هاوکات رەسمیەت دەدات  بە هەموو ئەو تاوانانەی کەچەندسالە لەژێرناوی کوشتنی ناموسی‌دا دەرهەق بەژنان دەکرێ .  تاوانەکانی ساڵح ئەحمەد شەریف نەلەکوێرە گوندێکی دورە دەست ونەلەسەردەمی دەسەلاتەکانی ئەمیر وپاشاو شێخ و سەرۆك عشیرەتەکاندا روویدا و وەنە تاوانێکی قەزاو قەدەر بووە تا بەم شێوەیەی لەگەل بکرێ، بەلکو ئەمەپیلانێی تەکبیرکراو وهەدەفمەندانە بوە و بەلگەیەکی ئاشکرا لەتاوانەکانی پیاوسالاری و دەمارگیری عەشیرەتی وئاینی دەردەخات کەتائێستا هەزاران ژنی کردۆتە قوربانی ..

من لێرەدا بەناوی رێکخراوی ژنانی پەنابەری کوردستانەوە لە بەریتانیا، کە دەمێ سالە کاربۆژنانی کوردستان دەکەین و نمونەکانی ئازاردان وتوند وتیژی و سەرکوتگەری لەدژی ژنان رۆژانە تۆماردەکەین، داواتان لێدەکەم  کەچ وەك خۆت وچ  وەك سەرۆکی حکومەت رێگای رێکەوتنێکی لەم جۆرە مەدەن، تەنانەت ئەوانەشی کەدەستیان لەم رێکەوتنەدایە رووبەرووی لیپرسینەوەیان بکەن. تاوانی ساڵح ئەحمەدشەریف تاوانێکە دەرهەق بەئێمە هەموو ژنانی کوردستان وئێمەش هەقی خۆمانە کە ئێوە بەرپرسیار بکەین بەرێگەگرتن لەدەربازبوونی تاوانبار، بەتایبەتی کە ئەم جۆرە تاوانانە بەهیچ شتێك تەبریر ناکرێ وئەنجامدەرانی دەبێ سزای خۆی وەرگرێ.. بەرپرسیاریتی ئێوەیە کەهیچ کەس بەهیچ بیانویەك لەم جۆرە تاوانانە دەربازنەبێت. .. لەکۆتایشدا  ئێمە داوادەکەین:

1- پەیرەوی لەیاسایەك بکری کەسزای توند بدات بەسەر ئەوانەی تاوانەکانی کوشتنی ژنان و توندو تیژی لەدژیان بەبەهانەی شەرەف ونامـوسەوە چاولێدەکەن.

2- هیچ جۆرە جیاکاریەك  لەپەیرەوی کردنی یاسادا بۆهیچ کەس رەچاونەکری و رێگانەدری بەتاوانباران بەبەهانەی پێوانەی فەرهەنگی و ئاینی و عەشایرەی وحیزبایەتی لەسزای تاوانەکانیان دەربازبکرین.

به سلاوی دووبارەم


**سەوسەن سەلیم**

**بەرپرسیاری ریکخراوی ژنانی پەنابەری کوردستان-بریتانیا**


2006/7/20